# ڕیکلامی ڕەها، ڕیکلامی پلە سفر



ژان بۆدریار

ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لەگەڵیدا دەژین هەڵلوشینی هەموو جۆرە مەجازییەکانی دەربڕینە لەلایەن فۆرمی ڕیکلامەوە. هەموو فۆرمە کولتوورییە ڕەسەنەکان و هەموو زمانە دیاریکراوەکان لەم فۆرمە ڕیکلامیەدا قووت دراون، چونکە بێ قوڵایی و دەستبەجێ و خێرا-لەبیرکراوە. ئەمە سەرکەوتنی فۆرمی ڕووکەشانەیە، واتە نزمترین ڕادەی بەشداریکردنی هەر مەدلولێك، پلەی سفری مانا، سەرکەوتنی پاشەکشەی مانا بەسەر هەر دەربڕینێکی مەجازیی شیمانەییدا. ئەوە نزمترین فۆرمی وزەی نیشانەیە. ئەم فۆڕمە بێ مەودا و دەستبەجێیە کە بێ ڕابردوو و بێ داهاتووە و بێ ئەگەری شێوەگۆڕکێکە بەسەر هەموو فۆڕمەکانی تردا زاڵ دەبێت، چونکە کۆتا شێوە و دوا شێوەیانە. هەموو شێوەکانی چالاکی ئەم سەردەمە ڕوو لە ڕیکلام دەکەن و زۆرینەیشیان تێیدا خۆیان دەپوکێننەوە. مەبەستیشمان کتومت ڕیکلام [بانگەشە] خۆی نییە، واتە ئەوەی وەك ڕیكلام و بانگەشەیەکی ڕاشکاو ڕوودەدات، بەڵکو مەبەستمان فۆڕمی ڕیکلامیە کە شێوەی چەشنە مۆدەیەکی کورت و لێل و چڕ و فریودەرە (ئەو فۆرمەی هەموو مۆدێلەکان تێیدا تێکەڵ دەبن، بەڵام بە شێوەیەکی سووککراو و کرژکراو). بەگشتیتریش، فۆڕمی ڕیکلام، فۆڕمێکە کەوا هەموو ناوەڕۆکە جیامەندەکان، هەر لەو ساتەوەی کە دەکرێت بخرێنە نێو یەکدییەوە و لە یەکدیدا بنوێترێنەوە، تێیدا دەپوکێنەوە. ئەمە لە کاتێکدا جەوهەری قسەی سەنگین و «ناوەڕۆکدار» و فۆرمە پێکەوە بەستراوەکانی ماناداری (یان فۆرمە پێکەوەبەستراوەکانی ستایل)، لە وەدایە کە ناتوانن گوزارشت لە یەکتری بکەن یان بۆ یەکتری تەرجەمە بکرێن، ئەمەیش هەر وەك ڕێساکانی گەمەیەك وایە.

دەکرێت لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە پروپاگەندە دەکەونەوە، لەم ڕێڕەوە درێژە بەرەو شیاوێتی تەرجەمەی گوزاشت، ئینجا بەرەو ئەم پێکهاتە کامڵەی کە خەسڵەتی شەفافیەتی ڕووکەشانەی هەر شتێك و خاسیەتی ڕیکلامە ڕەهاکانیانە (دیسان ڕیکلامی پرۆفێشناڵ هیچ نییە جگە لە شێوازە ڕێکەوتەکەی)، تێبگەین.

چوارچێوەی گشتیی ڕیکلام و پروپاگەندە advertising and Propaganda هەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەر لە قەیرانی جیهانیی 1929وە چوونە نێو هەموو شتێکەوە، هەر یەکێکیان زمانێکی جەماوەری بوون کە لە بەرهەمهێنانی ئایدیا و کاڵاکان و مێژووی ئەم دووانەوە پەیدا بووبوون، یەکەمجار لێك دابڕاو بوون و دواتر وردە وردە لە یەکتری نزیك بوونەوە. پروپاگەندە بوو بە کەرەستەی بازاڕکردن و بازرگانیکردنی ئایدیا بەهێزەکان، بوو بە کەرەستەی بانگەشەکردن بۆ پیاوە سیاسیەکان و ئەو حزبە سیاسییانەی کە «وێنەی نیشانەی بازرگانی»یان هەبوو. پروپاگەندە خۆی لە ڕێگەکانی ڕیکلامکردن نزیك کردەوە بە سیفەتی ئەوەی ڕیکلام باشترین مۆدێلە بۆ گواستنەوەی زۆرینەی ئایدیا سەرەکییە ڕاستەقینەکان لەم کۆمەڵگە پڕ لە کێبەرکێیەدا، هەروەها بۆ گواستنەوەی: کاڵا و نیشانەی بازرگانی. ئەم لێك نزیکبوونەوەیە مۆرکی ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمەیە کە ئیدی تێیدا جیاوازی لەنێوان ئابووری و سیاسەتدا نەماوە، چونکە هەردوو لایەنەکە هەمان زمان، لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکەیان، هەڵیاندەسوڕێنێت، ئینجا کۆمەڵگەیەکیشە بە تەواوی ئابووریی سیاسی، پڕ بە واتای وشەکە، تێیدا وەدی هاتووە. ئەمەش واتە هەڵوەشاندنەوەی ئابووریی سیاسی وەك هێزێکی تایبەت (وەك تەرزێکی مێژوویی لێکدژیی کۆمەڵایەتی)، لە ئەنجامدا ئەمە دەبێتە مایەی هەڵمژینی لە زمانێکی بێ لێکدژیدا without contradictions، وەك ئەو خەونەی کە بە هەر ڕاوەشاندنێکی هێواش دەپچڕێت.

قۆناغی دواتریش ئەو کاتە تێپەڕێنرا کە دوای زمانی سیاسی زمانی کۆمەڵایەتیش لەگەڵ ئەم فێڵە ڕوون و ئاشکرایەی زمانێکی ئاڵۆز و شپرزەدا هەماهەنگ بوویەوە، ئەمەیش کاتێك ڕوویدا کە بواری کۆمەڵایەتی گۆڕا بۆ ڕیکلام و لە ڕێگەی هەوڵی سەپاندنی «وێنەی نیشانە



**چوارچێوەی گشتیی ریکلام و پروپاگەندە، هەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و قەیرانی جیهانیی ساڵی 1929وە چوونە نێو هەموو شتێکەوە، هەر یەکێکیان زمانێکی جەماوەری بوون کە لە بەرهەمهێنانی ئایدیا و کاڵاکان و مێژووی ئەم دووانەوە پەیدا بووبوون**

بازگانیەکە «ی خۆیەوە، بواری زمانە سیاسییەکەی خستە راپرسییەوە. بواری کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی چارەنووسێکی مێژوویی بوو، دایە کزی و خۆیی تا ئاستی «پرۆژەیەکی دەستەجەمعی collective enterprise» هێنایە خوارەوە کە بە هەموو لایەکدا بانگەشەی بۆ دەکرا. دەتوانین سەرنج لەو زێدە بەهایەی بواری کۆمەڵایەتی بدەین کە هەموو بانگەشەیەك لە هەوڵی بەرهەمهێنانیدایە: ریکلام بکە، ریکلام بکە (Werben, Werben) (ئینگلیزییەکەی advertise advertise) –لەخشتەبردنی کۆمەڵایەتی بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە و لە هەموو جێیەکدا هەیە، لە سەر دیوارەکان، لە دەنگی بەرز و نزمی بێژەرەکاندا، لە تراکە دەنگییە تۆمارکراوەکاندا و لەو کلیپە بینراوانەی وا لە بەردەم چاوماندا پەخش دەبن. فریودانی کۆمەڵایەتی لە هەموو جێیەك ئامادەیە، دواجار کۆمەڵایەتیبوونی رەها لە ریکلامی رەهادا ریالیزە بوو، واتە کۆمەڵایەتیبوونێکی بە تەواوی لێك هەڵوەشاو، کە ئەمیش تەنها شوێنەوارێکی کۆمەڵایەتی وەهمییە بەسەر هەموو دیوارەکانەوە و لە خواستێکی کۆمەڵایەتیی سادەوە ماوەتەوە کە دەستبەجێ بە زایەڵەی ریکلام تێر دەبێت، خواستێك کە هەر بە زوویی پڕ دەبێتەوە. بواری کۆمەڵایەتی وەك سیناریۆیەکی لێهاتووە و ئێمەیش جەماوەرە دڵگەرمەکەی ئەو سیناریۆیەین.

بەم جۆرە فۆرمی ریکلام خۆی سەپاند و پەیتا پەیتا وەك گوتارێکی سەربەخۆ و بێلایەن و هاوسەنگ و بێ کاریگەر، لەسەر حسێبی سەرجەم فۆرمە گوزارشتەکانی تر پەرەی سەند، وەك «ئیڤێس ستۆردزە Ives Stourdze»یش دەڵێت وەك «تەمومژێکی سینتاکتیکی a syntactic nebula» بێ ریسا لە هەموو لایەکەوە دەورەمان دەدات (هەر یەکسەریش کێشەیەکی ئێجگار ئاڵۆزمان لێ دوور دەخاتەوە، کێشەی «باوەڕ» و کارامەیی: ئەم فۆرمە ریکلامییە هیچ مەدلولێك بۆ قۆستنەوە ناخاتە بەردەست، بەڵکو هاوکێشەیەکی سادە دەربارەی ئەو هێمایانە دەخاتە روو کە پێشتر تایبەت و جیامەند بوون و رێك بەم هاوکێشەیە وایان لێ دەکات لەم جیامەندییەی خۆیان خۆش بن و وازی لێ بهێنن). هەر ئا ئەمەیشە کە سنوورەکانی هێزی ئێستای شەپۆلی ریکلام و دۆخ و پێشمەرجەکانی داکشان و دیارنەمانیشی دەستنیشان دەکات، چونکە ئەمرۆ ئیدی ریکلام گرەو نییە، بەڵکو «هاتووەتە نێو خووەکانیشمانەوە»، هەمان کاتیش لەو شانۆ کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە دەرچووە کە پێش لە بیست ساڵ نمایشی دەکرد. ئەمەش نەك لەبەرئەوەی خەڵکی باوەڕیان پێی نەماوە یان لە لایان بۆتە شتێکی رۆتینی، بەڵکو لەبەرئەوەیە پێشتر خەڵکی تووشی سەرسوڕمان دەکرد بەرامبەر بەو توانایەی کە هەیبوو بۆ سادەکردنەوەی

سەرجەم زمانەکان، کەچی لەم ڕۆژگارەدا ئەم توانایەی لە لایەن تایپە زمانێکی سادەتر و ئینجا کاریگەرترەوە ئەتک کراوە: زمانی زانستی کۆمپیوتەر the languages of computer science.
مۆدێلی ئەو قۆناغ و تۆمارکردنە دەنگی و شریتە وێنەییانەی کە ڕیکلام لەگەڵ سەرجەم ئامرازە گەورەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا پێشکەشمانی دەکات -مۆدێلی هاوکێشە ئاڵۆزەکان و دابەشکردنی یەکسانانەی هەموو ئەو گوتارانەی کە دەیانوێنێتەوە- ئەم کۆمەڵە ڕیتۆریکاڵە بەردەوامەی زمانی دەنگ و ڕەمز و ئاماژە و دروشم کە وەك پانتایی و ناوەندێکی گشتگیر دەیانخاتە ڕوو، لە زۆر ڕووەوە لە وەزیفە لەبەرگرتنەوەکەیدا (its function of simulation) لەڕێگەی تایپێکی موگناتیسی و کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەلیکترۆنیکی بەردەوامەوە کە لە ئاسۆی کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، زەمەن بەجێی هێشتوون. پرۆسەکانی میکرۆ-پرۆسێسەر و دیجیتاڵ و زمانە سیبرنیییەکان بە هەمان ئاراستەی ئەم سادەکردنەوە ڕەهایەدا زۆر زیاتر لەوە ڕۆیشتوونەتە پێش کە ڕیکلام بە ئاستە سادە و ساکارەکەی ئەو ڕۆژگارەی کە خەیاڵی و دیمەنئاسا بوو ئەنجامی دەدا. خۆ لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە زۆر دوورتر دەڕوات ئەوا ئەو سەرسوڕمانەی کوشت کە لە پێشتردا ڕیکلام دروستی دەکرد. زانیاریی، لەوێدا کە مانای پرۆسەی داتایی وەردەگرێت، سنوور و کۆتاییەک بۆ ڕیکلام دادەنێت؛ حاڵی حازریش ئەم سنووردانانە بۆ مەملەکەتی ڕیکلام دەستی پێکردووە. ئەمە شتێکی مەترسیدار و شادیبەخشیشە. «دڵرفێن»ی ڕیکلام شوێنی خۆی داوە بە کۆمپیوتەر و بچووککردنەوەی ژیانی ڕۆژانە لە ڕێگەی زانستی کۆمپیوتەرەوە.

نموونەی پێشەنگ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زانیارییگۆڕییە پاپۆلا Papoula بوو کە کەی. فا. دیك K. Ph. Dick خاوەنییەتی، ئەم پانتاییە ڕیکلامییەی کە کراوە بە ئێستگەی ڕادیۆیی، جۆرێك قەبارەی ئەلیکترۆنییە (بۆ نموونە مێگا بایت)، کە بە شەپۆلی کارەبایی پەخش دەکرێتەوە، دەکەوێتە سەر جەستە و ئەستەمە خۆمانی لێ بپارێزین. بەڵام هێشتا پاپۆلایش فۆرمێکی سنووردارى گواستنەوە بوو: جۆرێك بوو لە زیادکردن و لکاندنی ئەندامی دەستکرد، بەڵام هێشتایش نامەی ڕیکلامیی دووبارە دەکردەوە. کەواتە بانگەشەیەکی زۆڵ بوو، بەڵام قۆناغی سەرەتا و وێناکردنێکی پێش وەختە بوو بۆ تۆڕەکانی سایکۆتڕۆپیك و تۆڕە داتاییەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی ئۆتۆماتیکییانەی تاکەکان، جا بۆیە لە چاو ئەمدا «ئامادەکاری»ی ڕیکلام دەتگوت وێنەیەکی هەڵگەڕاوەی شادیبەخشە.

لەمڕۆدا لایەنی هەرە گرنگی ڕیکلام ونبوون و نەمانییەتی وەك فۆرمێکی



**لەبەرئەوەی ڕیکلام وەك میدیۆمێك بۆتە پەیامی خۆی، ئەوا کتومت وەك بوارێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە کە پێویستییە مێژووییەکەی تەنها بە خواستی کۆمەڵایەتی سنووردار کراوە**

تایبەت، یان تەنانەت وەک میدیۆمێکیش نەماوە. چیتر ڕیکلام ئامرازەکانی پەیوەندیگیری و ڕاگەیاندن نییە (تۆ بڵێی ڕۆژگارێکیش وا بووبێت؟). یاخود کەوتۆتە بەر شەپۆلی دێوانەیی ئەو سیستەمانەی کە بەهۆی ڕاپرسی هەمیشەیی لەبارەی خۆیانەوە، بەشێوەیەکی نائاسایی گەشەیان سەندووە و ئینجا بە گاڵتەوگەپەوە لاسایی خۆیان دەکەنەوە. خۆ ئەگەر کاڵا لە سەردەمێکدا بابەتی ڕیکلام بووبێت (بەهۆی نەبوونی شتی ترەوە)، ئەوا ئەمڕۆ ڕیکلام خۆی بۆتە کاڵا، ڕیکلام لەگەڵ خۆیدا جووت بۆتەوە و گەیشتۆتە سەر خۆی (ئەم بەرگی ئیرۆتیسیزمەی کە لە خۆیی دەپۆشێت هیچ نییە جگە لە نیشانە بۆ خۆشەیدایی لە سیستەمێکدا کە هیچ ناکات جگە لە دیاریکردنی خۆی، بۆیە بێهودەیە گەر بمانەوێت لەوەدا «نامۆبوون»ی جەستەی مێ ببینین).

لەبەرئەوەی ڕیکلام وەك میدیۆمێک بۆتە پەیامی خۆی (ئەمەش بۆتە مایەی دروستکردنی خواست لەسەر بانگەشەی ڕیکلام و ئیدی ئەو پرسە باوی نەماوە کە بابەتی «باوەڕپێکردن»ـە یان نا)، ئەوا کتومت وەك بوارێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە کە پێویستییە مێژووییەکەی تەنها بە خواستی کۆمەڵایەتی سنووردار کراوە، ئەمەیش واتە: خواست لەسەر ئەوەی وەزیفەی کۆمەڵایەتیش وەك بزنس، وەك گروپێکی خزمەتگوزارییەکان، وەك فۆرمێکی ژیان یان مانەوەی لێ بێت (دەبێت بواری کۆمەڵایەتی بە تەواوی دەرباز بکەین و پێویستە پارێزگاری لە سروشتیش بکەین: بواری کۆمەڵایەتی گۆشەی ئێمەیە)، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر شۆڕشێك بوو بۆخۆی، شۆڕشێك تەواو ڕەوا بە پرۆژەی دیاریکراوی خۆیەوە. ئێستا ئیتر ئەمە کۆتایی هاتووە و ئەدگارەکانی نابینرێن: وردتر بڵێین، بواری کۆمەڵایەتی توانای ئەم وەهمەی لەدەست داوە و کەوتۆتە نێو لیستی خستنەڕوو و خواستەوە، تەنیا وەک کارێک کە لە بوونی هێزێکی ئەنتاگۆنیستیی سەرمایەوە antagonistic to capital گۆڕاوە بۆ دۆخی بەکارهێنان و هیچی تر، گۆڕاوە بۆ کاڵایەك (لە کاتی پێویستی و ناچاریدا دەگمەنە و بە زەحمەت دەستدەکەوێت)، گۆڕاوە بۆ


Jean Baudrillard

خزمەتگوزارییەك وەك خزمەتگوزارییەکانی تر. لەبەرئەمە دەکرێت ڕیکلام، بانگەشە بێت بۆ کارێك و دڵخۆشیی گەیشتن بە هەلی کار، هەروەك دەشێت ڕیکلام بۆ بواری کۆمەڵایەتی بکرێت. لەمڕۆدا، زەمینەی ڕیکلامی ڕاستەقینە ئەوەتا ئا لێرەدا: لە ئەندازەی کۆمەڵایەتی، لە ستایشی هەموو فۆڕمەکانی بواری کۆمەڵایەتی، لە بانگەشەکردنێکی توندو کەللەڕەقانە بۆ کۆمەڵایەتیەکی ئەوتۆ کە زۆر بە توندی زەرورەتەکەی دیاریی داوە.

لەو سەما فۆلکلۆرییانەی نێو میترۆکاندا، لەو هەڵمەتانەی کە بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایش ئەنجام دەدرێن، لە دروشمی «بەیانی کار دەکەم» تێکەڵ بە خەندەیەکی سەرگەرمانەی کاتی دەستبەتاڵی، هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە شێوازی پرۆدۆنییەکان (دادگای پیشەسازی an industrial tribunal): «ڕێ نادەم هیچ کەس لەبری من هەڵبژێرێت»- دروشمگەلێکی وەڕزکەر هەبوون کە بەرەنجامەکانیان ئێجگار هەڵە دەرچوون، دروشمی داواکردنی ئازادیی بێ بەها، ئازادیی دەرخستنی بواری کۆمەڵایەتی لە کاتی شاردنەوەیدا. ڕێکەوت نییە دوای ئەوەی بانگەشە بۆ ماوەیەکی درێژ، بە وتن و دووبارەکردنەوەی بەردەوام و بێ بێزاربوون، نا ڕاستەوخۆ بڕەوی بە جۆرێکی ئابووری دا: «ئەکڕم، بەکاردێنم،

چێژ دەبینم»، لەمڕۆدا بەچەندین شێوەی جیاواز دووبارە دەکرێتەوە: «هەڵدەبژێرم، بەشداریی دەکەم، من هەم، من واتام هەیە»- ئاوێنەی گاڵتەجاڕیی پارادۆکسیکاڵ، ئاوێنەی بێ دەروەستی و بێ باکی بەرامبەر هەموو مانایەکی بواری گشتی.

ترسێکی پێچەوانە: دیارە دەکرێت بواری کۆمەڵایەتی لە کار و کاردانەوەی ترس و شپرزەییدا، وەك کارلێکێکی زنجیرەیی لە کۆنترۆڵبەدەر، هەڵبوەشێتەوە. بەڵام دەکرێت لە کارلێکێکی پێچەوانەیشدا، لە کارلێکێکی زنجیرەیی سست و خاو (خمول inertia) دا، هەر وردە-جیهانێك smicrouniverse تێربوو و خۆرێکخەر و کۆمپیتوریکراو، کە لە ئاراستەبوونی ئۆتۆماتیکیدا تەنیا و دوورەدەستخراوە، هەڵبوەشێتەوە. ڕیکلامیش پێکهاتنێکی پێشوەختەی ئەمەیە: یەکەم دەرکەوتنی هێڵێکی بەردەوامی نیشانەکان، بۆ نموونە شریتی بروسکە ticker tape -تییدا هەر نیشانەیەک لە سستی خۆیدا دوورەپەرێزی گرتووە. ئەوە مزگێنییە بە جیهانێکی تێربوو، جیهانێك ئامادەی هیچ شتێك نییە بەڵام تێرە، بێ هەستە بەڵام شادی دەگێڕێت. لە جیهانێکی ئاوەهادا ئەوەی ڤیریلیۆ Virilio پێی دەڵێت ئێستاتیکای نەمان (aesthetic of disappearance) بڕەو پەیدا دەکات و چالاك دەبێت. لەم جیهانەدا ئەمانە پەیدا دەبن: ئۆبێکتە هاوچەشنەکان و فۆرمە هاوچەشنەکان بە جۆرێکی ئەندازەیی دووبارەبووەوە، ناوچەکانی هەڵە کە لەدوای تێربوونەوە پەیدا دەبن، یان لە پرۆسەی ڕەتکردنەوەی گشتگیر و پرۆسەی خاڵیکردنەوە کەوتوونەتەوە، یان بەرهەمی سەرسوڕمان لە کۆمەڵگەیەك کە بە تەواوی بۆ خۆی شەفاف بۆتەوە.

هەر وەك هەمان دۆخی نیشانەکان لە ڕیکلامدا، هەندێکیان جوڵەی خەڵکی هێواش دەکەنەوە، هەندێکیان شەفاف و ڕوون دەبنەوە و ژمارەنیشیان کاری نەکردەیە، هەندێکیتریشیان باریکەلە و ڕیزۆمیك (rhizomic)ین تاوەکو لە سستی و خاووخلیچکی و کەموکورتی دەربازبن - ئیدی دەچنە نێو خولگەکانەوە و لە فولکەکاندا دەگەنەوە بە یەك و ڕیز دەگرن، قومار لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و دەچنە نێو ئەرشیفەوە:- لەوێدا تۆماری دەنگی و شریتی ڤیدیۆ لە بەردەستدان، وەك چۆن لە ژیاندا تراکی کار و تراکی ڕابواردن و تراکی گواستنەوە و...هتد هەن، تراکی ڕیکلام دەوری هەموو کەسێك دەتەنێت، جا لە هەر شوێنێکدا سێ یان چوار ڕێڕەو هەن، ئێوەیش لە خاڵی یەکتر بڕینەکاندان، لە چوار ڕێیانەکاندا. تێرکردنێکی ڕووکەشانە و سیحرێکی درۆزنانە.

جا لەبەرئەوەی ئەم سیحرییوونە هەر وا دەمێنێتەوە، ئەوەندە بەسە چاوێك بە شاری لاس ڤیگاسی شاری ڕیکلامی ڕەهادا بگێڕین (شاری



**لەمڕۆدا، زەمینەی ڕیکلامی ڕاستەقینە ئەوەتا ئا لێرەدا: لە ئەندازەی کۆمەڵایەتی، لە ستایشی هەموو فۆرمەکانی بواری کۆمەڵایەتی، لە بانگەشەکردنێکی توند و کەللەڕەقانە بۆ کۆمەڵایەتیەکی ئەوتۆ کە زۆر بە توندی زەروورەتەکەی دیاریی داوە.**



**ڕیكلامیش وەك هەواڵ و زانیاریی، تێكشكێنەری سەختییەكان و خێراكەری خاوییەكانە. سەرنج بدەن چۆن هەموو فێڵەكانی هەست و ناهەست مانادار و بێ مانا بە بێزاری و ماندووییەوە دووبارە دەبنەوە، پەنا بۆ هەموو ئەمانە دەبەن كتومت وەك «وتە و ئاخ و ئۆف»ی سێكس لە فیلمە پۆرنۆگرافییەكاندا، بێ ئەوەی بڕوای پێ بكەین**

پەنجاكان، شاری ساڵانی ڕیكلامی سەرشێتانەی ئەوتۆ كە ئەفسونی خۆی هێشتبوویەوە و وا ئەمڕۆیش ئەوە بۆتە ڕابردوو، چونكە ڕیكلام لە ژێرەوە ئەو لۆژیكە پرۆگراماتیكییە بەڕێوەی دەبرد كە شارە تەواو جیاوازەكانی لێ بكەوێتەوە). هەر كە شەو دادێت دەبینین لاس فیگاس بە تەواوی لەنێو بیاباندا بە تیشكی ڕیكلام دەگەشێتەوە و لە بەری بەیانیشدا دەبێتەوە بە بیابان، دەرك بەوە دەكەین كە ڕیكلام و بانگەشەكان نە دیوارەكان نەخش و نیگار دەكەن و نە دەیانڕازێننەوە، بەڵكو ئەم ڕیكلام و بانگەشەیە دیوارەكان و شەقامەكان و ڕووكارەكان و هەموو ئەندازەیەكی بیناسازیش دەسڕنەوە؛ ڕیكلام هەموو بەرزایی و قوڵاییەك دادەپۆشێت، ڕیكلام هەر ئەو سڕینەوە و لەنێوبردنەیە و هیچی تر، ئەم شاردنەوەیەی هەموو شتەكانە لە ژێر ڕووكەشدا (بە چاوپۆشی لەو نیشانانەی كە بانگەشەیان بۆ دەكات)، كە ئەم شادییە سەرسوڕهێنەر و زیدە-واقیعییەمان پێ دەبەخشێت، شادییەكی وا كە بە هیچ شتێكی تر سەودا ناكرێت و فۆرمی فریودانێكی بەتاڵ و لە فەرامۆشنەهاتووە.

‹‹زمان ڕێ بە خۆی دەدات لەگەڵ هاوشێوەكەیدا بكەوێتە تەبایی و ڕێكییەوە، باشترین و خراپترین تێهەڵكێشی یەكتر بكات، ئەمەیش لە پێناو وەهمی عەقڵانییەتێكدا كە بەم شێوەیە فۆرمەلە بكرێت: «دەبێت هەمووان بڕوای پێ بهێنن»، ئەمە ئەو پەیامەیە كە یەكمان دەخات››. ج. ل. بۆوت J. L. Bouttes' شكێنەری سەختییەكان Le destructeur d›intensites (ئینگلیزییەكەی: The Destroyer of Intensities).

ڕیكلامیش وەك هەواڵ و زانیاریی، تێكشكێنەری سەختییەكان و خێراكەری خاوییەكانە. سەرنج بدەن چۆن هەموو فێڵەكانی هەست و ناهەست (الحس و اللاحس)، مانادار و بێ مانا (meaning and of nonmeaning) بە بێزاری و ماندووییەوە دووبارە دەبنەوە، وەكو هەموو ئامادەسازییەكان، هەموو میكانیزمەكانی قسەكردن، زمان و پەیوەندیگیری (وەزیفەی پەیوەندی: لێم تێدەگەیت؟ دەمبیستیت «گوێت لێمە»؟ دەمبینیت؟ پەخشەكە دەست پێدەكات!- بگرە وەزیفەی مەرجەعی و تەنانەت وەزیفەی شیعری، ئاماژە، ئایرۆنی، یاریكردن بە وشەكان، نا ئاگایی)، پەنا بۆ هەموو ئەمانە دەبەن كتومت وەك (وتە و ئاخ و ئۆف)ی سێكس لە فیلمە پۆرنۆگرافییەكاندا، بێ ئەوەی بڕوای پێ بكەین, بەڵام ڕێك هەمان ڕادەی ئەو فیلمانەیش داڕزاو و بێ نرخ و وەڕزكەرانەن. بۆیە لەدوای ئەمەوە شیكردنەوەی ڕیكلام وەك زمان نامانگەیەنێت بە هیچ ئەنجامێك، چونكە هەندێ شتی دیكە تێیدا ڕوویداوە:

دووپاتبوونەوەی زمان (و دووپاتبوونەوەی وێنەیش) کە نە زمانناسی و نە سیمیۆلۆژیایش وەڵامیان پێ نییە بۆی، چونکە زمانناسی و سیمیۆلۆژیا بە پرۆسەی مانا meaning ڕاستەقینەوە سەرقاڵن بێ هیچ هەستکردنێك بەم زێدەڕەوییە کاریکاتۆرییە بۆ سەرجەم وەزیفەکانی زمان، ئەم کرانەوەیەیش بەسەر کایەیەکی بەرفراوانی بێبایەخکردنی نیشانەکاندا، کە وەک دەڵێن لە بێبایەخیدا «بەکاربراون- consumed». لەنێو و لە پێناو ئەم بێبایەخکردنەدا بوو، نمایشی بە کۆمەڵی گەمەکەیش گرەوی لەسەر نەکرا بوو -هەر وەك چۆن پۆرنۆ وەهمێکی قەبەکراوە لەبارەی سێکسی بەکاربردنەوە، سێکسێکی بێ بایەخ و لە پێناو بێ بایەخکردنیشیدا، واتە دیمەنی پووچ و بێ مانای سێکس لە بانگەشەی باڕۆکیدا (هەر باڕۆك baroque بوو ئەم پووچییە سەرکەوتووەی گەچی ]ئەو مادەیەی پەیکەری لێ دروست دەکرێت[ بەرەو پێدا، ئەویش بۆ هەڵوەشانەوە و ونبوونی ئایینی لە ئۆرگازمی پەیکەرەکاندا).

کەی سەردەمی زێڕینی پرۆژەی ڕیکلامییە؟ تۆ بڵێیی نرخاندنی شتێك بێت بە وێنەیەک، نرخاندنی فرۆشتن و بەکاربردن بێت لەڕێگەی خەرجییەکانی ڕیکلامەوە؟ خۆ بانگەشە هەرچەندە لەژێر دەستی گشتێتی کارگێڕیی سەرمایەدا بێت (ئەگەرچی


**Jean Baudrillard**

ئەم ڕەهەندەی پرسەکە، واتە لایەنی کاریگەریی بانگەشە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، هێشتایش جێگەی مشتومڕ و قەبووڵکردن و ڕەت کردنەوەیە و چارەیەکی تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە) کەچی هەمیشە ئەم پەیوەندییە لە پەیوەندیی ملکەچی و ژێر دەستەیی زیاترە، ڕیکلام ئاوێنەیەکە لە بەردەمی جیهانی ئابووریی سیاسی و کاڵادا دانراوە، بۆ ساتێکیش خەیاڵە سەرکەوتووەکەی ئەو جیهانەیە، خەیاڵی جیهانێکی لێکترازاو، بەڵام لە حاڵەتی فراوانبووندا. بەڵام جیهانی کاڵا چیتر بەو شێوەیە نەماوە: جیهانی کاڵا جیهانێکی تێرکراو و گرمۆڵەیە. جیهانێک کە لە ناکاو خەیاڵە سەرکەوتووەکەی خۆی لە دەستدا و لە قۆناغی ئاوێنەییەوە پەڕییەوە بۆ قۆناغی پرسەگێڕان.

ئیدی شانۆ بۆ کاڵاکان کۆتایی هاتووە، هیچی لێ نەماوەتەوە جگە لە فۆرمە داڕزا و بەتاڵەکەی. ڕیکلام هیچ نییە جگە لە زەقکردنەوەی ئەم فۆرمە داڕزاو و بەتاڵە. بۆیە ئیدی کاڵا نیشتمانێکی نییە. ئەو فۆرمانەیش کە بەهۆیەوە کاڵامان دەناسییەوە ئیدی بێ مانا بوون، بۆ نموونە سەنتەری فۆروم دی هال گەورە یەکێتییەکی بانگەشەیە و پرۆژەیەکی تەبلیغییە. وەلێ نە بانگەشەیە بۆ لایەنێکی دیاریکراو و نە بۆ هیچ کۆمپانیایەك و

نە سەنتەرێکی بۆ بازرگانیی ڕاستەقینە داناوە و نە مۆڵ یان کۆمەڵگەیەکی ئەندازەییشی هەیە، هەر بەو جۆرەی کە بیۆبۆرگ Beaubourg یش لە جەوهەردا چیتر سەنتەرێکی کولتووریی نییە: ئەم ئوبێکتە نامۆیانە، ئەم ئامرازە زۆروزەوەندانە هەر بە سادەیی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە شکۆمەندی کۆمەڵایەتیمان بۆتە شکۆمەندییەکی ڕیکلامییانە, شتێکی وەك فۆروم بە باشترین شێوە ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕیکلام چی لێهاتووە و ژیانی گشتیش بۆتە چی.

ئێستا کاڵایش وەك زانیارییەکان لە ئەرشیفدا هەڵدەگیرێن، وەك ئەرشیف لە شوێنی پارێزراوی خۆیاندا، وەك بۆمب لە کڵاوە ئەتۆمییەکاندا.

کاڵای دڵخۆشکەر و پیشاندراو ئاوابووە و خۆیی لە خۆر دزیوەتەوە و هەڵاتووە، کتوپڕ بووە بەو پیاوەی کە سێبەری خۆی ون کردووە. بۆیە فۆروم دی هال نەختێك لە ماڵێکی تازێبار ئەچێت -شکۆمەندیی ماتەمینییەك بۆ کاڵای لەگۆڕنراو و نێژراو؛ ڕوون و شەفاف لەبەر هەتاوێکی ڕەشدا؛ هەر لە تابووتێکی کاڵایی دەچێت. فۆروم تابوتی کاڵاکانە، هەموو شتێکیش تێیدا تابووتییە: مەڕمەڕی ڕەش و سپی و سوور و پرتەقاڵی. سندووقی گەوهەر بە ڕەنگی ڕەشی تۆخ و کاڵ، شوێنێکی لە مەعدەن دروستکراو لە ژێر خاکدا.

غیابێکی یەکجارەکی هەر شتێکی جوڵاو و شلۆک، بگرە غیابی هەر ئامێرێکی شلۆک وەك ڕووپۆشی ئاو لە پارلی (2 Parly - پارلی 2 مۆڵێکە لەساڵی 1970 لە کەناری پاریسەوە دروست کرا) کە هیچ نەبێت چاومانی فریو ئەدا -لەوێدا تەنانەت فێڵێکیش نییە بۆ کاتبەسەربردن و ڕابواردن، ئەوەی ئامادەیە تەنیا پرسەیەکی خوازراوە. (تاکە بیرۆکەی ڕابواردن لەم یەکێتییەدا تەنیا مرۆڤ و سێبەرەکەیەتی کە وەك سەرابێك بەسەر کێلە ستوونییەکەی نێو تابووتەکەدا دێن و دەچن: تابلۆیەکی گەورە بە ڕەنگی خۆڵەمێشیی ڕوون چوارچێوەی سەرابەکە پێدەهێنێت، ئەم دیوارە بێ ئەوەی ئارەزووی بکرێت زیندووە و لێکدژە لەگەڵ ئەو کونج و سەردابە خێزانییەدا کە فۆروم بۆ بەرگدرووی ڕاقی و پۆشاکە ئامادەکان دروستی کردووە. قەشەنگە ئەم سێبەرە، چونکە ئاماژەیەکی لێکدژە لەگەڵ ئەو جیهانەی خوارەوەی وا سێبەرەکەی خۆیی ون کردووە).

هەموو ئومێدمان ئەوەیە هەر لەگەڵ کردنەوەی ئەم شوێنە موقەدەسە لەبەردەم جەماوەردا دەستبەجێ هاتوچۆی پێدا قەدەغە بکرێت و بە تەواوی بکرێت بە ژێر زەمینێکی شاراوە، لە ترسی ئەوەی پیسبوون (pollution) بە تەواوی وێرانی نەکات و وەك بارودۆخی تونێلەکانی لاسکۆی لێ نەیەت (با بیر لە حەشاماتی خەڵک بکەینەوە لە RERدا - (RER) خێراییەکی بەرزی شەفەندەفەر و میترۆکانی ژێر زەوییە)، هەروەها بۆ ئەوەی وەك شاهیدێك بمێنێتەوە لەسەر ژیارێك کە لە قۆناغێکیدا گەیشتە بەرزترین ئاست و دوای ئەوەی لوتکە (apogee)یشی تێپەڕاند گەیشتە قۆناغی ژێرزەمینی (hypogee) کاڵا. لێرەدا تابلۆیەکی دیواریی هەیە ئەو ڕێگا دوورودرێژە پیشان دەدات کە بڕدراوە، هەر لە مرۆڤی تۆتاڤێل Tautavel ەوە و بە تێپەڕین بە مارکس و ئاینیشتایندا تا گەیشتووە بە دۆرۆتی بیس Dorothee Bis.. ئێ کەوایە بۆچی ئەم تابلۆیە لە پیسبوون و داخوران نەپارێزین؟ خۆ ڕەنگە دواتر ئەشکەوتناسەکان speleologists بەپاڵ کولتوور و ژیارێکەوە بیدۆزنەوە کە خۆی دفن کردوە تا بۆ هەمیشە لە سێبەرەکەی خۆی ڕزگاری ببێت، لەگەڵ خۆیشیدا فریوو و فێڵەکانیشی دفن کردووە وەکو وابێت بۆ جیهانێکی تر هەڵیگرتبن.

**سەرچاوەکانی وەرگێڕانی ئەم وتارە:**

1-جان بودريار: المصطنع و الإصطناع، ترجمة: د. جوزيف عبدالله، مراجعة: د. سعود المولى، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الأولى، بيروت، 2008.، ص -157 166.

2-Jean baudrillard: Simulacra and Simulation, Translated by: sheila Faria Glaser. http://ebookbrowsee.net.